1- بڕیار درا یەکێک بە نوینەرایەتی کومەلە وحرکە لەگەل نوینەری پارتی دیموکراتی کوردستان بچیت بو سوریا لە سبەینیوە خویان ئامادە ئەکەن بۆ ئەم کارە وبەپیی توانا هەول ئەدەن بەزووترین کات برون.
2- لیژنەیەک دابنریت بو جارەسەرکردنی مەشاکلی ناو میلەت و پیشمەرگە لەلایەک وە لەنیوان خوشیان واتە (کومەلە وحرکە و پارتی) لەلایەکی ترەوە.
3- هەول دان بەشیوەیەکی عەمەلی بو ئامادەکردنی زەمینەیەکی لەبار بو بەرەیەکی کوردستانی یەکگرتوو.
4- یاریدەدانی ریک وپیک کردنی ئیش و کار و بەرگری کردن لە نیوان ئەو مەفارز و هیز و چەکدارانەی کە لە ناوچەیەک یان لە جیگای نزیک بەیەکترن.
5- پاک راگرتنی ریزەکانی (پ. م.)
6- نە کوشتنی ئەسیرو معامەلە کردنی بە پیی یاسای معامەلە کردنی دیل.
7- نوسینەوەی صیغەیەکی مشترک لە بابەت توجیە کردنی جەماوەری میللەت و پیشمەرگەو تاکید کردن لەسەر ئیش کردن بۆ جەبهە.
8- آ) لیژنە لە نوینەری هەرسێ لا پیک دیت نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان کاک رمزی

نوینەری حرکەی سوشیالیست کاک علی عسکری

نوێنەری کومەلە...... کاک سالار

8-ب) هەرلایەک بویان هەیە نوینەری خویان لەهەر کاتیکدا بگورن.

ئیتر بۆ پیشەوە بەرەوسەرکەوتن

لەشەوی 20لەسەر21/1/1977 لە گەڵاڵە ئەم ریکەوتننامەیە مورکرا

| | | |
|---|---|---|
| نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان | نوینەری حرکەی سوشیالیست | نوێنەری کومەلە |
| ملازم عمر عبدالله | رسول مامند | کەمال |